


## فڕۆکەیەک لـــ

فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان ئێستاکە لە مەیدانی شەڕدا ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ، فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانیش توانا و قەبارە و کارکردیان جیاوازە، نوێترین فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان واتە (پەهبەهاد) فڕۆکەی جۆری Black hornet PD-١٠٠ە، کە تایبەتە بە سیخوڕی و زانینی شوێن و پێگەی دوژمن.. پەهبەهادەکە سێ کامێرای

## لە دوورەوە هەست
## بە لێدانی دڵی ئازیزانت بکە



تەکنەلۆژی لەم سەردەمەدا گەیشتۆتە قۆناغێك ئەوەی مەبەستت بێت دەتوانی لە چرکەیەکدا ئەنجامی بدەی، قسەکردن بە دەنگ و رەنگ کە جاران لە خەیاڵیشدا نەدەگونجا ئێستا تەنیا بە داگرتنی دوگمەیەك لەگەڵ هەرکەسێك لە هەرشوێنێك لە جیهاندا حەز بکەی دەتوانی ئەنجامی بدەی.. بازنەی پێوەندییەکان بەرینتر بووە بۆ نموونە بەهۆی ئەڵقەی HB rings لەگەڵ هەرکەسێك کە حەز بکەو حەز بکا دەتوانی لە دوورەوە هەست بە لێدانی دڵی بکەی..

گوستیلەکە لە ستیلی دژە ژەنگ دروستکراوە و بە یاقوتێکی شینیش رووپۆش کراوە. بەڵام ئەڵقەکە چۆن کار دەکات، بەهۆی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل دەبەسترێت و پاشان لە رێگای ئینتەرنێتەوە دەتوانرێت پەیوەندی لە نێوان دوو کەسدا دامەزرێ، بەڵام هەردوو لایەن دەبێ ئەو ئەڵقەیان لە دەست دابێ و تەنیا ئەوەندە بەسە کە جارێك بە توندی پەنجەیەك لە ئەڵقەکەی خۆت بدەی هەتا پێت بڵێت بەرامبەرەکەت جا لەهەر کوێ بێ لێدانی دڵی چۆنە. ئەڵقەکە بۆ ئەو گەنجە خۆشەویستانەی کە ماوەیەکە لێك دوورن یا ئەو سەربازانەی کە دوور لە ماڵەوەن و بۆ ئەو نەخۆشانەی لە نەخۆشخانە کەوتوون، شێوازێکی زۆر گرنگە بزانی ئێستا لێدانی دڵیان چۆنە.





## ـــــــــه گیرفاندا!

سیخوڕی بەهێزی لەسەرە و دەتوانێت راستەوخۆ وێنە و دیمەنی شوێنی دوژمن بۆ ناوەند بەرێ بکات. کامێرایەك لە پێشەوە و یەك لە خوارەوە و ئەوەی دیکەشیان دەسوڕێتەوە.

فڕۆکەکە ئەوەندە بچووکە لە گیرفاندا جێگای دەبێتەوە، کاتێك دەفڕێت نابیندرێ.. کاتێك فڕۆکەکە شەحن دەبێتەوە، ٢٥ خولەك دەفڕێت.




# ڤێرژنی نوێی
# مەچەکبەندەکەی سامسۆنگ



لە ٢٠١٤دا سامسۆنگ ئەزموونێکی نوێی خستە ناو جیهانی دیجیتالی نوێوە، بە بەرهەم هێنانی مەچەکبەندی تەندروستی Gear Fit قۆناغێکی نوێ لە ئامێرە دیجیتالیەکانی دەستی پێکرد، ئەو سەردەم پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، بەڵام مەچەکبەندەکە وەڵامدەرەوەی هەموو داخوازییەکانی بەکارهێنەرانی نەبوو، بۆیە لەم ماوەیەدا سامسۆنگ وەشانێکی دیکەی لەو مەچەکبەندە خستە بازاڕ.

وەشانی نوێی مەچەکبەندەکەی سامسۆنگ شاشەکەی ١,٥ ئینجە و لە جۆری سوپەر ئەمولدە. خێراییەکەی ١ گێگاهێرتزە، رامەکەی ٥١٢ مێگابایتە، میمۆرییەکەی ٤ گێگابایتە و دەتوانێت فایلە دەنگییەکان بە گشت فۆرماتەکانی بڵاو بکاتەوە. گرنگترین بەشەکانی هەستەوەرەکانی مەچەکبەندەکەیە، کە ٤ هەستەوەری تێدایە، وەك پێوانی بەرزایی، پێوانی لێدانی دڵ، خێرایی و ژیرۆسکۆپە.. ئەو هەستەوەرانە ئەم کارانە ئەنجام دەدەن، زانینی هەنگاوەکانی رۆیشتوو، پێوەری مەودای رۆیشتوو، رێژەی وزەی لەناوچوو، نیشاندانی ئەو مەودایەی کە رۆیشووە. بە ئاوتێکنەچوونیش تایبەتمەندییەکی دیکەی مەچەکبەندەکەیە. لەگەڵ گشت مۆبایل و دەزگاکانی سامسۆنگ دەبەسترێت.



## بچووکترین کامێرای ٣٦٠ پلە


کامێرا ٣٦٠ پلەییەکان لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا لایەنگرێکی زۆریان بۆخۆیان دەستەبەر کردووە و ئێستا لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا بازاڕی کامێرای ٣٦٠ پلەیی گەرمە.. بچووکترین کامێرای ٣٦٠ پلەی کامێرای nico360 ە. بەرزی کامێراکە ٤٦ ملمە و کێشی تەنیا ٩٦ گرمە... ئەم کامێرایە دوو هەستەوەری ١٦ مێگاپیکسلی سۆنی لەسەرە. بەکوالیتی k2 وێنە دەگرێت. میمۆری ٣٢گێگابایتی هەیە، بە تەڕبوون وکەوتنە ناو ئاو تێکناچێت. سیستەمی وای- فای و بلوتوسی هەیە، لە فۆرماتی RAW,DNG ی کۆمپانیای ئەدۆب پشتیوانی دەکات.



## چاوخشانێک بەسەر هاردێکی پۆرتێبڵدا

هاردی ئیکسترنال واتە هاردی دەرەکی (خارجی) ئەوەی لە دەرەوەی کۆمپیوتەر یا لاپتۆپە، گرنگی تایبەتی هەیە، هەڵگری داتا و کۆمێنتەکانە لە قەبارەیەکی زۆر گەورەدا.. هاردە دەرەکییەکان لەگەڵ ئەوەیدا قەبارەیان بچوکە بەڵام قەبارەی هەڵگرتنی داتاکانیان گەلێك زۆرە، دەتوانن سەدان DVD لە خۆیاندا کۆبکەنەوە.

یەکێك لەو هاردە پورتێبڵانە، هاردی جۆری Backup Plus Ultra Slim ە. خاڵی جێگای سەرنجی هاردەکە، بارستایی کەمتر لە یەك سانتی مەتریەتی.. واتە تەنکترین هاردی پورتێبڵ.. کێشی تەنیا ١٣٥ گرامە. دوو شوێنی USB3 هەیە، خێرایی راگواستنی زانیاری لەو هاردەدا ١٢٠ مێگابایت لە چرکەیەکدایە. لە هەمووی گرنگتر ٢٠٠ گێگابایت شوێنی هەڵگرتنی داتای هەیە لە ئینتەرنێتدا، واتە گەر هاردەکەش تێکبچێت شوێنێك لە ئینتەرنێتدا هەیە کە داتاکانی ئێوەی هەڵگرتووە



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

بەڕێزێك دەپرسێت پرۆگرامێك لە بەشێوەیەکی دروستیش سرپەوە واتە یونستیلم کرد، بەڵام لە پرۆگرام فایلس لە C دا هێشتا ماوە هەرچەندی هەوڵی لەگەڵ دەدەم ناسڕێتەوە بۆ ئەم مەبەستە چ بکەم؟

خوێنەری بەڕێز راستە هەندێك پرۆگرام بە چەند هۆکارێك بە تەواوی ناسڕێنەوە ئەمەش گرفتی گەورە دروست دەکەن چونکە ناهێڵی جارێکی دیکە پرۆگرامەکە دابەزێنیەوە. بۆ ئەم مەبەستە باشترین ڕێگا ئەوەیە کە پرۆگرامی Unlocker Assistat دابەزینی بەهۆی ئەوەوە هەرچی پرۆگرامە دەتوانی بە یەکجاری بیسرپەوە و گرفتەکەت چارەسەر دەبێت...

# ئامێرێکی تایبەت بۆ چارەسەرکردن بە بۆن




بۆنکردن یەکێکە لە خێراترین ڕێگاکانی جوڵەکردنی ڕەگ و دەمارەکان.. توێژەرەوانی زانستی پزیشکی دەڵێن پەرچەکردار جەستە بە بۆن کردن هەزار جار زیاترە لە ڕێگاکانی وەك خواردن و خواردنەوە.. بۆن ڕاستەوخۆ مێشك وەریدەگرێت.. هەر بۆیە بە بۆنێکی خۆش دەستبەجێ هەستێکی باشمان دەبێت..


لەکاتی هەوای سارد و وەرزی زستاندا بۆنی ڤیکس لە دەرمانخانەکاندا بۆ نەهێشتنی ئاوی لوت و هەڵامەت گیر دەکەوێت، بەڵام ئێستا ئامێرێکی تەکنەلۆژی نوێ ئەم کارە ئەنجام دەدات، ئامێری zero degree لەناویدا بۆنی شەش گیای بۆندار وەك، بیبەری ڕەش، پونگە، دارچین و هێڵ....تاد هەیە. بۆنی هەر کامیان تایبەتمەندی خۆی هەیە وەك لوت گیران، کەمکردنەوەی ماندوویەتی، سەرئێشە و تاد، ئەگەر ئەو ئامێرە گشتگیر بێت پێدەچێت چەندین نەخۆشیش لە ماوەیەکی کەمدا چارەسەر ببن.. ئامێرێکە زۆر بچووکە و لە گیرفاندا جێگای دەبێتەوە.

# ڕۆبۆتێک خۆراک دەداتە پەککەوتەو کەمئەندامان

یەکێك لەو گرفتە سەرەکییانەی کە کەم ئەندام و پەککەوتەکان بە دەستیەوە دەناڵێنن، کێشەی نان خواردنە، چونکە خۆیان ناتوانن وەك پێویست نان بخۆن دەبێ یەکێك لە ئەندامانی ماڵەوە نانیان بدەنێ کێشە بۆ ئەندامانی دیکەش دروست دەبێت و بۆیە زۆربەی جاران ئەوان وەك ئەندامانی ماڵەوە نایەنە سەر سفرە. بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە ڕۆبۆتێك بەناوی obi دروستکراوە که یارمەتیدەری کەم ئەندامانە بۆ نانخواردن.

هەروەك لە وێنەکەدا دیارە شوێنی ٤ قاپی نانخواردنی هەیە و باسکێکی مەکانیکیان هەیە کە کەوچکێك بەسەری باسکەکەوە هەیە و بەهۆیەوە خواردن هەڵدەگرێت و دەیخاتە دەمی بەکارهێنەرەکەی. دەکرێت پرۆگرام بۆ ئۆبی دابندرێ کە شوێنی نەخۆشەکە بزانێ و پاشان ڕێژی ئەو خۆراکەی دەبێ لە کەوچك بکرێ بۆی دیاری بکرێ.. ڕۆبۆتەکە ڕاست فیلمی چاخی پیشەسازی چارلی چاپلینتان بیردەخاتەوە.





# بە دیاریکردنی ڕەنگ وێنەکان بدۆزنەوە

بۆ گەڕان لە وێنەیەکی تایبەت یەکەم وێبگەڕ کە پەنای بۆ دەبەن گوگلە، چونکە بێ ڕکابەرە و لە ڕیزی یەکەمدا دێت، هەرچەندە وێبگەڕی دیکەش هەن. بەڵام بیرتان لەوە کردۆتەوە بۆ گەڕان لە وێنەیەك، ڕەنگی وێنەکە یان خودی وێنەکە وەك نیگاری منداڵانە بکێشەوە و بۆت وێبگەڕێك بیدۆزێتەوە، وێبگەڕی ٥٠٠PX ئەم کارە ئەنجام دەدات. ڕاستە وێنەکان وەك نیگارەکە نین بەڵام ڕەنگ و شێوازەکە زۆر لەو دەچێت، بۆ ئەوەی کە ڕێگایەکی دیکە تاقیبکەیەوە بۆ دۆزینەوەی وێنەکان سەرێك لەم سایتە بدە.